www.kurdistannet.org
05/04/2002 21:46

# ئەلف و بیٚ ی کوردی بە پیتی ئینگلیزی (لاتینی)

احمد کاکەحمە

گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا لەماوەی ئەم چەند ساڵەی پیٚشوودا تەکانیٚکی باشی دا بە پیٚشکەوتنی ئامرازەکانی پەیوەندی کردن، راگەیاندن، هەروەها لە بە کۆمپیوتەرکردنی هۆیەکانی بەرهەم هیٚنان لە کارگەکاندا تا دەگاتە ئامرازە پیٚویستەکانی رۆژانەی مرۆڤ وەکو تەلەفزیۆن، تەلەفۆن، دی ڤی دەی و کامیٚرای دیجیتاڵ وشتی تر.
ئەم زانستە ئەوەندە بە خیٚرایی ئەروات کە ئەوەی لەو بوارەدا کار نەکات فریای فیٚربوونی ناکەویٚت، بەتیابەتیش لە بەکار هیٚنانی کۆمپیوتەردا، ئەمەو بیٚجگە لە بوواری بەرنامە داناندا کە ئەویش یەجگار بە خیٚرایی ئەروات، لە ماوەی چەند مانگیکدا بەرنامەی جیاجیا دادیٚت و گرنگیئەوەی پیٚش خۆی ئەسریٚتەوە (ناهیٚڵیٚ) ، فریای ئەوە ناکەویت ئەوە فیٚر بیت یەکیٚکی تر دادیٚت، هەرچەندە ئەمانە پیٚشبرکیٚیەکی بازرگانیە بەلام کاری کردۆتە سەر هەمووومان و لە ژیانی رۆژانەدا پیٚوستمانن٠ کەرەسە گرنگەکانی تیٚگەیشتنی ئەم بووارانە زمان و ریٚنووسە (ئەلف و بیٚ) یە. کورد بیٚ بەشە لە ئەلف وبیٚی خۆی بۆ تیٚگەیشتنی تەکنەلۆجیا یان هەر هیچ نەبیٚ لە بەکار هینانی ریٚنووسی کوردیا لە بووارەکانی پەیوەندی کردن دا. نە ئەو ئەلف وبیٚیەی بە پیتی عەرەبی ئەنووسریٚ هی کوردە، نە ئەوەی لاتینییش٠ هیچ کام لەم شیٚوە ریٚنووسانە لە داڕشتنی پرۆگرامی کۆمپیوتەریدا بەکار ناهیٚنرین، تەنها دوای دەرچوونی پرۆگرامیٚکی تازە نەبیٚت، ئەویش ریٚنووسەکەی بۆ ئەگونجیٚنن (ترهیم) ، یان ئاسانکاری بۆ ئەکەن، ئەمەو بیجگە لەو پارە زۆرەی لەو گونجاندنەدا سەرف ئەکریٚت...
ئەو لاتینییە ئیستا کورد بەکاری ئەهیٚنیٚ لەوەی تورك وەرگیراوە، کە دەوڵەتی عوسمانی هەرەسی هیٚنا، کمال ئەتاتورك بۆ زمانی تورکی دایتاشی، ئەسلەکەشی لاتینی یە، کە وابیٚت بۆ خۆمان لە لاتینیەوە وەرینەگرین و وای بگونجیٚنین کە هەموو پارچەکانی کوردستان بەکاری بهیٚنن و ئاسان بیٚت بۆمان٠
من پیٚم وایە باشترین ریٚگا (چارەسەر) بۆ یەکخستنی زمانی کوردی شیٚوازی نووسینە (ئەلف و بیٚ) یە، شیٚوازی نووسینیش کورد (لە هەموو پارچەو شویٚنەکان) یەك ئەخاتەوە، یان هەر هیچ نەبیٚ لیٚکیان نزیك ئەکاتەوە. هەتا خویٚندنەوەو نووسین ئاسانتر بیٚت، ریٚژەی فیٚربوون و بەکارهیٚنەرانی زۆرتر و زیاتر ئەبیٚت.
زۆرن ئەو زمانانەی کە بۆ نووسین هەمان پیت بەکار ئەهیٚنن (ئینگلیزی، هوڵەندی، ئەڵمانی، فەرەنسی...) ، هەندیٚکیان دەستکاریەکی زۆر کەمیان کردوە، من وای ئەبینم بۆ نووسینیکوردی ئەو دەسکاریەشی ناویٚت چونکە پیتەکان بۆ کوردی زۆر لەبارن. ئەتوانین هەمان ئەو پیتانە بەکار بهیٚنین کە ئیٚستا لە زمانی ئبگلیزیدا بەکار دیٚت بەو شیٚوەیەی کە لەپەراویٚزی ئەم نووسینەدا دیاری کراون٠
ئەم هەوڵەی من تەنها سەرەتایەکە بۆ ئەو شیٚوازە نووسینە بۆیە لیٚرەوە داوا لە کۆڕی زانیاری کوردستان، کۆمەڵەو ریٚکخراوەکان، خەڵکی رۆشنبیرو ئەکادیمی و زاناکان ئەکەم بە کۆڕو سمینار لەم بابەتە بدویٚن و یەك ئەلف و بیٚ کوردی بە تایبەتی بۆ بەکارهیٚنانی لە زمانی کۆمپیوتەرو تەکنەلۆژیادا دابڕیٚژن..
بۆ ئەم مەبەستە هەندیٚ لایەنی باش و گەش (ایجابی) لەو شیٚوە نووسینە (ئەلف وبیٚ) یە ئەبینم کورتەکەی ئەمەی خووارەوەیە، هەرچەندە لایەنی خراپیش (سلبی) ی دەبیٚت بەلام لە دوا ئەنجامدا لایەنی گەش و ڕووناکی زۆرترە:

©Kurdistan Net

١. ئەگەر نەڵێم هەموو، ئەوا ڕێژەیەکی باشی گەورەو بچوکی خەلکی کورد لە کوردستان، لە تاراوگە و هەندەران پیتی ئینگلیزی ئەزانن ئەمە ڕێگا خۆشکەرێکی باشە بۆ فێربوون و بەکار هێنانی بە کوردی٠

٢. لەم سەردەمەدا هەموو زانستەکان و تەکنۆلۆجیاش بەزمان وپیتە ئینگلیزیەکان نووسراون (ئەوەی ئێستا ئینگلیزی پیێ دەنووسرێت) ، ئەبێتە یارمەتی دەرێك بۆ فێر بوون و پێشکەوتن.

٣. نەوەی داهاتوومان نەوەی بەکارهێنەری کۆمپیوتەرو تەکنەلۆجیایە، بۆیە پێویستە لە ئێستاوە ئاسانکاری بۆ بکرێت٠ دەبێتە مایەی پێش خستنی کورد لە بوارە زانستییەکاندا.

٤. کی بۆرد Keyboard (کە کلیلی بەکار هێنانی کۆمپیوتەرە) ستاندەردەکەی بە ئەلف و بێی ئینگلیزیە، بۆیە لە بەکار هێنانی ئەو ئەلف و بێیەدا پێویستمان بە کیبۆردی گونجێنراو نابێت، یان بەرنامەی تر بۆ ڕێنووس پیویست ناکات لەکاتی بەکار هێنانی ئەم پیتانە.

٥. ئەم پیتانەی هەموو دەنگەکانی زمانی کوردی پیێ ئەنوسرێت، بەو شێوەیەی کە کورد لەسەری ڕێك بکەوێت.

٦. بەم ڕێنووسە لە بەکار هێنانی هیچ ئامێرکدا کێشە دروست نابێت.هەر کاتێ کۆمپیوتەر، کەرەسەیەکی تر یان هەر بەرنامەیەکی نوێ دەرچیێ ئەتوانرێ دەم و دەست (یەکسەر) بەکار بێت لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە بێت.

٧. ئەو زاراوانەی کە لە زانستەکاندا هەن، یان دروست دەبن بە هەمان (ئەلف وبێ) کوردیش ئەتوانێ بەکاری بهێنیێ٠

٨. ڕێنووسی لاتینی کێشەی خۆی هەیە، تەنانەت ڕۆشنبیرو ئەدیبەکانیش بەتەواوی بەکاری ناهێنن (لە ڕووی فێربوونی پیتەکانەوە) . لەبەر ئاسانی فێربوونی ئەم پیتانەی خەڵکی زۆر بەکاری دەهێنن، بە تایبەتیش کە ڕاهاتن لەسەر بەکارهێنانی.

جاران تەکنەلۆجیا نە هاتبووە ناو کارو باری ڕوژنامەنەوە و نووسین بە دەست بوو، ئەم ڕۆژگارە زور شتی تازەی داهێناوە بۆیە ئێمەش هاوتەریب لەگەڵیا بڕۆین پێشدەکەوین٠ ئەمانەو شتی تریش کە ڕەنگە من لە بیرم نەبووبێ یان پەیم پێ نەبردبێ٠ بەکار هێنانی ئەم پیتانە ئەوە ناگەیەنێت کە کورد لەو پارچانەی کوردستان کە ئەلف و بێی عەرەبی بەکار دەهێنن وازی لیێ بهێنن، بەلکو هەر هیچ نەبێت ئەمە ببێتە زمانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر٠

ئەلف و بێ بە پیتی ئینکلیزیو نموونەی بە کار هێنانی

| پیتی لاتینی | پیتی عەرەبی | نموونە بە لاتینی | نموونە بە عەرەبی |
|---|---|---|---|
| A | ئا – ا | Aza – amar | ئازا – ئامار |
| B | ب | Baban – rubar | بابان – ڕووبار |
| C | ج | Cwan – qerec | جوان – قەرەج |
| Ch | چ | Chaw – gurchile | چاو – گوورچیلە |
| D | د | Dewen – iad | دەوەن – یاد |
| E | ئە – ـە | Ewin – derewe | ئەوین – دەرەوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| F | ف | Fudan – kef | فوودان – کەف |
| G | گ | Goze – tarawge | گۆزە – تاراوگە |
| gh | غ | Ghalige – deghll | غالبگە – دەغڵ |
| H | ح – ه | Hewr – heiran | هەور – حەیران |
| ‘ | ع | ‘erebane – ‘ewdall | عەرەبانە – عەوداڵ |
| I | ی – ی | Iane – hiwa | یانە – هیوا |
| J | ژ | Jmare – roj | ژمارە – رۆژ |
| K | ك | Kenar – akar | کەنار – ئاکار |
| L | ل | Lul – Pepule | لوول – پەپوولە |
| LL | ڵ | Lall – kllo | لاڵ – کڵۆ |
| M | م | Miwan – dem | میوان – دەم |
| N | ن | Nan – kawan | نان – کاوان |
| O | ۆ | Do – Namo | دۆ – نامۆ |
| P | پ | Peije – top | پەیژە – تۆپ |
| Q | ق | Qaz – neqize | قاز – نەقیزە |
| R | ر | Zrian – chro | زریان – چرۆ |
| RR | ڕ | Raman – terr | رامان – تەڕ |
| S | س | Saman – das | سامان – داس |
| SH | ش | Shir – wenewshe | شیر – وەنەوشە |
| T | ت | Tawdan – pet | تاودان – پەت |
| U | وو | Dur – du | دوور – دوو |
| V | ڤ | Bzav – mrov | بزاڤ – مرۆڤ |
| W | و | Wane – gwll | وانە – گوڵ |
| X | خ | Xew – nax | خەو – ناخ |
| Y | ێ | Jy – herym | ژێ – هەرێم |
| Z | ز | Zirek – raz | زیرەك – راز |

©Kurdistan Nêt

**چەند سەرنجێك:**

- **لە كوردیدا هەر ووشەیەك بە (ر) دەست پیٚ بكات ئەوا ئەو پیتە قەڵەوە (ڕ) بۆیە لەسەرەتای ووشەدا پێویست ناكات بە دوو پیت بنووسریٚ٠**
- **لە بەكارهێنانی ئەلف و بیٚی عەرەبیدا لە ووشەكانی (ژن، من ٠٠٠٠٠) دا تەنها یەك بڕگە دەرئەكەون و هیچ كێشەیەكیشی دروست نەكردوە،بەهەمان شێوە بەكار بهێنرێت لە ئەلف وبیٚی ئینگلیزیدا واتا بەم شێوەیە بنووسرێت** (Jn، mn) ٠
- **ئەم داڕشتنە بۆ نوسینی كوردی جیاوازیەكی زۆر كەمی هەیە لەگەڵ ئەوشێوەیەی كە پیٚی دەوترێت** (لاتینی) ، **رەنگە لە چەند پیتێك تێپەڕ نەكات٠**
- **ئەم داڕشتنەی سەرەوە بیٚگومان بیٚهەڵە نییە، بۆیە خراوەتە بەر دەست بۆ لێكۆڵینەوەو راست كردنەوەیە٠**

hoshmand55@hotmail.com

©Kurdistan Net